# هەرکەسێک لە ئێوە هەر خراپەیەکی بینی؛ ئەوا با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی (بە دەستی بیگۆڕێت)؛ ئەوا با بە زمانی بیگۆڕێت، وئەگەر نەیتوانی (بە زمانی بیگۆڕێت)؛ ئەوا با بە دڵی (ئینکاری لەو خراپەیە بکات)، وئەمیش (ئینکار کردنی خراپە لە دڵدا) لاوازترینی ئیمانە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک لە ئێوە هەر خراپەیەکی بینی؛ ئەوا با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی (بە دەستی بیگۆڕێت)؛ ئەوا با بە زمانی بیگۆڕێت، وئەگەر نەیتوانی (بە زمانی بیگۆڕێت)؛ ئەوا با بە دڵی (ئینکاری لەو خراپەیە بکات)، وئەمیش (ئینکار کردنی خراپە لە دڵدا) لاوازترینی ئیمانە».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرماندەکات بە گۆڕینی خراپە بەپێی توانا -مەبەست لە خراپە هەموو شتێکە کە خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی نەهیان لێکردووە- بەپێی توانا، ئەگەر خراپەیەکی بینی واجبە لەسەری بیگۆڕێت بە دەستی ئەگەر توانای هەبوو، ئەگەر نا با بەزمانی بیگۆڕێت بەوەی نەهی بکات لەو خراپەیە وزیانەکەی ڕوون بکاتەوە وڕێنمونی بکات بۆ خێر لەجیاتی ئەم شەڕ وخراپەیە، ئەگەر لەم پلەدا توانای نەبوو ئەوا با بە دڵی بیگۆڕێت ئەمیش بەوە دەبێت حەز بەم خراپەیە نەکات وپێداگیر بێت لەسەرئەوەی ئەگەر توانای هەبوایە دەیگۆڕی، وگۆڕین بە دڵ لاوازترین پلەی ئیمانە لە گۆڕینی خراپە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65001

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee